www.kurdistannet.org

بۆ / بەڕێز دەستەی نوسەرانی کوردستان‌نێتی خۆشەویست .

سڵاوێکی برایانەی گەرم .. هیوای سەرکەوتن بۆ خۆتان و پێش کەوتنی بەردەوامیش بۆ ماڵپەڕەکەتان دەخوازم .

بەڕێزان ....

کاك ( عەباس شوان ) ی ڕۆژنامەنوس لەژێر ناونیشانێکی نیوە ئینگلیزی و کوردیدا ( PUK لە ڕۆژنامەنوس دەترسێت ) نوسینێکی لە ( Kurdistannet ) دا بڵاو کردۆتەوە . دەکرا برای ڕۆژنامە نوسی کورد لاسایی ئەو ڕۆژنامەنوسانەی نەکردایەتەوە کە چاویان بەرایی نادات تەنانەت‌ووشەی کوردو کوردستان بەکوردی بنوسن !! واتە کاك عباس شوان دەیتوانی بنوسێت ( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ) نەك ( PUK ) . بەپێویستم زانی وەڵامێکی سەرپێیی بدەمەوە و هەر لە ناونیشانی ڕاپۆرتەکەوە تا ئەو جێی کە پێویستی بەڕاست کردنەوە بێت ڕاستیەکان وەکو خۆی بۆ خوێنەرانی هێژای کوردستاننێت بەئەمانەتەوە بگێڕمەوە .

لەبەرامبەر ناونیشانی نوسینەکەی کاك ( عەباس شوان ) دا منیش دەنوسم ..

# ڕابردوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەڵماندویەتی ترساوە !! دەترسێ !! یان نا !!؟

ئێمە وەك کۆمیتەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەم وڵاتەبەباشمان زانی دەست بۆ کارێکی نوێ ببەین ، تا بەهۆیەوە بۆ جالیەی کوردی لێرە لەلایەکەوە بتوانین‌زەمینەیەك بۆ لە نوێ بوژانەوەی متانەی دانەبڕان و یەکچارەنوسی لە نێوان هەندەران وهێزەکوردستانیەکاندا دروست بکەینەوە و لەلایەکی تریشەوە ، بتوانین لە گەیاندنی دوا هەواڵەکانی پرۆسەی ئاشتی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن و دوا دید و بۆچونی لایەنە کوردیەکان لە بەرامبەر ئەگەری لێدانی عێراق و ڕوداوە خێراکانی ناوچەکەو هەرێمەکە هەندێك زانیاری تازە لە دەمی بەرپرسێکی یەکێتیەوە بگەێنینە کوردە ئاوارەکانی فینلەندا . بۆ ئەم مەبەستەش بەر لەماوەیەك بانگەوازێکی گشتیمان بڵاو کردەوە کە سنورمان لەبەر دەم هیچ کەس و لایەن و حیزبێك دانەنا ، بە واتا هەمو کەسێك بەجیاوازی بیرو ڕا و بیر و بۆچونییەوە ، بە دژ و دۆستەوە مافی بەشدا یان لەسیمینارەکەدا چون‌یەك هەبوو .

لە ڕۆژی ٩ /٣ /٢٠٠٢ وە لە کاتژمێری ( 14,50 ) ی عەسر بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە کوردە ئاوارەکانی فینلەندا سیمینارەکە دەستی پێکرد کە لە ناو ئامادەبواندا جگەلە ژمارەیەك لە ژنانی کورد ، نوێنەرانی پارتی دیمکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی شیوعیی عیراق و ژمارەیەك هونەرمەندی دەست ڕەنگینی وەکو مامۆستا ( عبداله سەراج ) ی چیرۆك نوس و کاك ( سالارسۆفی ) هونەرمەندی شێوەکار و نوسەری بابەتەکە کاك ( عباس شوان ) ی ڕۆژنامە نوس و کاك ( خەسرەو پیربال )ی‌شاعیر بەدیدەکران . ئەمەش چۆنیەتی بەڕێوە چونی سیمینارەکە بوو :

* ــ سەرەتای سیمینارەکە بە دەقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ‌کرد .

* ــ دواتر من بە ناوی کۆمیتەوە بەخێر هاتنی وەفدی میوان و بەشدار بوانم کردو مەبەست لە بەستنی سیمیناریشم بۆڕون کردنەوە .

* ــ پاشان کاك د.فواد مەعسوم دەستی بەباسەکەی کرد ، لێرەدا نامەوێت باسی هەموو ئەو بابەتانە بکەم کە بەڕێزیان باسیان لێوە کرد و بۆ ئامادەبوانیان شی کردەوە .

ماوەیەك لە کاتەکە و قسەکانی کاك د. فواد ڕۆیشتبوو لە گەرمەی قسەکاندابوو کاك ( عەباس شوان )ی ڕوژنامەنوس گەیشتە هۆڵی سیمینارەکە و لێرە بە دواوە وەڵامی ڕاپۆرتە هەواڵەکەی بەڕێز کاك ( عەباس شوان ) دەدەمەوە بەهیوام کە دڵ گران نەبێت لە و ڕاست کردنەوانەی کە دەینوسم .

ــ سوپاس بۆ کاك عەباس شوانی ڕۆژنامە نوس بە تەرخان کردنی کاتێکی زۆری خۆی بۆ نوسینی ئەم ڕاپۆرتە هەواڵە . بەڕێزیان نوسیویانە : بەپێی هەواڵی ئێوارەی ڕۆژی ( ٢٠٠١/٣/١٠ ) ی ( Kurdsat.Tv ) هەرچەندە خۆی kurdsat.tv نیە بەڵکو کەناڵی ئاسمانی kurdsat ە . لە لای کاك عەباس جێگای سەرسوڕمانە کە لە هەواڵەکانی کەناڵەکەدا ئاماژە بە سیمینارەکە نەدراوە و وەکو هەواڵێك بڵاوی نەکردۆتەوە و ئەمە لەلای برای ڕۆژنامەنوس شوێنەواری پرسیارێکی بێ وەڵامی لە بۆتەی مێشکیدا بەجێ هێشتوە ، بۆیەمنیش بۆ دڵنیایی کاك شوان دەڵێم کە ئەوە جگە لە کەموکوڕیەکی تەکنیکی بەولاوە هیچی تر نیە بڵاو کردنەوەی هەواڵەکان ئەگەر لە کات و ساتی خۆیدا نەبێت وا بزانم ئەو تام و چێژەی نامێنێ .

ئەمە ڕاستی مەسەلەکەیە نەك شتی تر بۆیە هیوادارم بەهیچ شێوەیەك کاکە عەباس بەهۆیەوە خۆی و دڵە ناسکەکەی توشی (سەر سوڕمان و گومان نەکات ) !

لە بەشێکی تردا

نوسیویانە : بەئامادەبونی نزیکەی ( ١٥٠ )کەس (!) ( پێم وانیە ئەو ڕێژەیە دەقاودەق بێت و بە ٦٠ ــ ٧٠ کەس مەزەنەدەکرا) ئێوارەی ڕۆژی

www.kurdistannet.org

شەممە ٩ /٣ دکتۆر فواد لە شاری Helsiki سیمینارێکی بێ ناونیشانی گێڕا !!

ڕاستیەکەی بەمە وا دیارە کاك عەباس ئەو بانگەوازەی پێ نەگەیشتبێت کە دەربارەی ئەم سیمینارە بڵاومان کردۆتەوە تیایدا باس لە کات و شوێن و مەبەستلە گێڕانی کراوە بۆ بیر خستنەوە و لە دێری ( شەشەم )دا نوسراوە ( مەبەستیش لە سازدانی سیمینارەکە ، تاوتوێ کردن و باس کردنی دوا ڕوداوو و گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی ناوچەکە و دوا هەوڵەکانی پرۆسەی ئاشتیە بۆ ئامادەبوان . جگە لەوەش لە دەستپێکی سیمینارەکەدا جارێکی تریش باسم لە مەبەستی گرێ دانی سیمینارەکە و هاتنی کاك د.فواد کرد ( بەداخەوە کاك عەباس درەنگ گەیشتە هۆڵی سیمینارەکە بەپێچەوانەی ڕۆژنامەنوسانی ترەوە )

لەبەشێکی تری نوسینەکەیاندا دەنوسن ( دوای تەواو بوونی قسەکانی د.فواد ، مۆڵەت بەئامادەبوان درا ژمارەیەکی دیاریکراو سرنج و تێبینی و ڕەخنەی خۆیان دەربڕی ) لە نوسینەکەی کاکە شواندا وا نیشان دەدات کە گوایەسنورێك بۆ پرسیار کەران و ژمارە و جۆری پرسیارەکان دانرابێت و پرسیارەکانیش ڕەنگ کرابن !! لە ڕاستیدا نەپرسیارەکان دەزانرا چین و نەکەسەکانیش بەسانسۆرەوە پرسیارەکانیان لێ وەر دەگیرا و نەلەلایەن کاك د. فوادیشەوە پرسیارەکان ( گوڵبژێر ) و لە ( سەرەندەدران) !! خۆ بەری هەتاویش بە بێژنگ بەهیچ کاممان ناگیرێت و کەسانێك هەن پشتیوانی لە ڕاستیەکان بکەن .

لە درێژەی نوسینەکەیاندا و لە گۆشەی ( تێبینی و سرنجەکان ) .

* ـ نوسیویانە بە ڕەسمی بانگهێش کرابوم ، دیارەمن خۆم وەك برادەرێك حەزم کرد بەهۆی نامەوە داواتی بکەم بەڵام ئەوە ناکاتە داواتی ڕەسمی چونکە نە ئێمە وەك ڕێکخراوێکی ڕەسمی کار دەکەین و نە بەڕێزیشتان وەك ڕۆژنامە نوسێکی قانونی و نەقابی کار دەکەن ، دیارە بانگهێش کردنی بەڕێزتان و کاك ( سالار سۆفی ) بۆ نمونە کە ڕەنگە زیاترپەیوەندیە برادەرایەتیەکەم ڕۆڵی تیا بینیبێت و بەهاتنیشتان خۆشحاڵ بوم و بەدەربرین و پرسیار و تێبینیەکانیشیان سیمینارەکە زیندوییەکی زیاتری لە خۆ گرت ، چونکە بەشێکی سیمینارەکەمان بۆ پرسیار و گفتوگۆ و ڕا گۆڕینەوە تەرخان کردبوو وەك هەر سیمینارێکی تر .

لەمەڕ ئەوەی کە کاك دکتۆر فواد ڕازی نەبوە کە (ریکۆردەر) ێ بۆ تۆمار کردنی دەنگەکەی دابنێت ، حەز دەکەم ئەم ڕاستیە بخەمە بەر دەست و دیدی ئێوەی خوێنەری کورد * ـ سیمینارەکە خۆی لەخۆیدا بەپلەی یەکەم سیمایەکی خۆیی بەخۆوە گرتبو نەك شتی ڕەسمیات بە واتایەکی تر دەکرێت ناوی بە سیمینارێکی ( کوردانە ) ببەین * ـ کاك عەباس شوان پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك لە پێش کەش کردنی بابەتی سیمینارەکە ، بە بێ ئەوەی کە نە ئێمە وەك ئامادەکەری سیمینار پێشتر ئاگادار بکرێنەوە و نەلە کاك دکتۆر فواد وەك پێش کەش کەری باسەکان و وەك کەسێکی سیاسی و بەرپرسێکی یەکێتی نیشتیمان داوای مۆڵەتی بۆ تۆمار کردنی دەنگەکەی کرد ، لە پڕێکدا ( ڕیکۆردەرەکە )ی لەپێشی کاك دکتۆر دانا ، کە بو بە هۆی ناوبڕێك لە قسەکانیدا و داوای لادانی ( ڕیکوردەرەکە ) ی کرد ، چونکە کاك عەباس شوان نە ریکۆردەرەکەی مۆرکی دەزگایەك یان کەناڵێکی کوردی پێوە بو نە لە بەرۆکیشیان پسولەی ڕۆژنامەنوسی درابوو تا بزانرێت کە ئەم بەڕێزە کێیە و بۆچی دەیەوێت دەنگەکەی تۆمار بکات ! . بۆ وەبیر هێنانەوە ڕۆژێ پێشتر ماوەی ( کاتژمێر و نیوێك )ی ڕەبەق ڕۆژنامەنوسێکی فینلەندی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ساز کرد بێ ئەوەی نە تاقە وێنەیەکی لێ بگرێت و نە لێدوانەکانیشی تۆمار بکات و بەبەردەوامی بە شێوەی نوسین و هێما لە یاداشت نامەکەیدا دەینوسیەوە . لە پای ڕەخنەکەی کاکە شواندا

کاك د. فواد مەعسوم ووتی من دەمەوێت لێرەدا بەئازادی هەندێك قسەبکەم و سبەی لەسەر قسەکانم بگرەو بەردە و کێشمەکێش دروست نەبێت ! باشە کاکە تۆ ئەو هەقە بەخۆت دەدەیت کە مافی من زەوت بکەیت بێ ئەوەی ڕام وەربگریت بە هەوەسی خۆت هەڵس و کەوت دەکەیت ، بۆ بۆخۆت ئەوە بەڕەوا دەزانیت و بۆ منیش ڕەخنە دەگریت کە ناهێڵم دەنگم تۆمار بکەیت منیش مافی خۆمە ، گەر دەتەویست قسەم لەگەڵدا بکەیت دەتوانی لەدەرەوە پرسیارم لێ بکەیت .

لە بەشێکی تری نوسینەکەداهاتوە (منیش لە سەرەی قسەکانمدا بەکورتی ئەو ئازادیەدرۆیەم بۆی سەلماند کەنەك لە کوردستان بەڵکو لێرەش سانسۆری ڕۆژنامەنوسان دەکەن ! پێم وایەلە فەرهەنگی ڕۆشنبیراندا ڕەنگەوشەی درۆ بەگران جێگای ببێتەوە .

منیش پێم وایە دەبێ جیاوازیەك لە نێوان ( داکۆکی کردن لە مافی کەس ، لەگەڵ سانسۆری کەسێك لەلایەن کەسێکی ترەوە ) دابنرێ ، بەڕاستی گەر وا بەو جۆرە بابەتەکە تاوتوێ و شی بکرێتەوە ئەوا ڕەنگە دیمکراسی توشی ئیفلیجی بکەین و ببینەمشەخۆرێکیش بۆ ئازادی کەسانی تر .

لە باسی دوو بڕیاری بەرژەوەندی ژنان کە گوایە دوفاقیە و چونکە مام جەلال ژێر بەژێر نامە بۆ داوەرەکان دەنێرێت کە پێ لەسەر بڕیارەکە دامەگرن ، سەرەتا دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین کە ئایەئەو بڕیارانە لە لایەن کێوە دەرکراون و بۆچی دەرکراون ؟ هەروەها دەکرێ بشپرسین ئاخۆ لە کام دادگایی کوشتنی ژناندا هەڤاڵ مام جەلال فشاری خستۆتە سەر دادگا و دادوەران تا حوکمی تاوانبارەکە کەم بکرێتەوە یان چاوی لێ بپۆشرێ ؟ یان نامەیەك لەو نامە ژێر بەژێرانەمان نیشان بۆ بڵاو بکەنەوە .

لەبارەی ژنانیشەوە ئەوەندە دەڵێم بەخۆشحاڵیەوە هەمو لا پێشوازیان لە هەڵوێستی ژنان کرد لە کۆڕەکەدا و دوو ئەوەندەش بە دەربڕینو ڕەخنەکانیان

www.kurdistannet.org

که بەشتێکی دڵخۆشکەرمان نرخان . کاک دکتۆر فوادیش خۆی وەك هەر کەسێکی تری دیمکراتخواز بڕوای بە بەمافی ژنان و ئازادیان هەبوو نەك وەك ئەوەی کاک شوان بە ترسی ناو بردوە !! ترس و بڕوا بون دوو شتی لێك دور و جیاوازە !

لە کۆتاییدا نوسەر نوسیویەتی ( بەرپرسی کۆمیتەیفینلەندیان لە چونەدەرەوەدا پێ وتم ئەو قسەو باسانە لێرە بەجێ بهێڵە ! منیش سکم عەمباری کەس نیەلە شوێنی قەلەباڵخدا نەبێت نایدرکێنم ) لێرەدا راستەو خۆ ئەم پەلارەی لە قولەپێی من گرتوە ، منیش پاش کەمێك پێکەنین دەڵێم بەڕێزان من بووم وام پێ گوت بەڵام وا دیارە لە لای ( ڕۆژنامەنوسانی ئێمە ) راستی و گاڵتە بەیەك تەرازو دەکێشرێت و پرینسیپەکانی پەیوەندی برادەرایەتی دەبەزێنرێ !! تا لەمەوە وامان لێ بێت تەنانەت لە گەڵ قەڵەمەکەی خۆشمدا بەدەستنوێژەوە بدوێین و دەست لەملانی ببین !! چونکە من بەراستی وەك ئەو برادەرەی کە هەمیشە بابەت و نامەو هەواڵمان ڕۆژانە بۆیە ك دەنارد هەر بەو جۆرە قسەم لەگەڵدا کرد چونکە بە هەقەت لە ناو سیمینارەکەدا و بەتایبەتی لە کاتی ڕەخنەگرتنەکەیدا ، بێ تاقەتیەکی زۆری بەسیماوە دیار بوو ! من لەبەر دڵی ئەوم بوو نەك لەترسی نوکی خامەکەی کە ئەو داوایەم لێی کرد ( ئێستا من داوای لێبوردنی لێ دەکەم کە ئەو ڕووم لێی نا تا گلەییەکانی بەجێ بهێڵێت ) . چونکە یەکێتی وکەسانی ناو یەکێتی لە گەڵ ڕەخنەو جنێو پێ دان و هێرشی نارەوا کردنەسەر قاڵ بونەتەوە .

لە کۆتاییدا سوپاس بۆ کاک عەباس شوانی ڕۆژنامەنوس .

**مەهدی خەمبار / فینلەند**